www.kurdistannet.org
13-11-2005 0:03 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئایە دەتوانیچی بۆكوردستان بكەیت؟؟؟ ... جەمال عزیز

زۆر لەمێژە كورد بەگشتیو كەمەنەتەوەكانی نێوخاكی كوردستان بەتایبەتی لەتێكۆشاندان دژبەداگیركەران بۆ مافە نەتەوایەتیەكانیان، لەگەڵ ئەوەی بە بەراورد بە كەمەنەتەوەكانی تری نێو خاكی كوردستان میللەتی كورد زۆرینەی تێكۆشانو قوربانیدانی بەركەوتوە، هەرگیز لەبەرامبەر دوژمناندا چۆكی دانەداوەو لەخەبات سڵینەكردۆتەوە، هەروەها سەرۆكێكی هەڵبژێرداراوی نەبووە بێجگە لەم سەرۆكەی كەئێستا بەسەرۆكی هەرێمی كوردستان ناسراوەو بەشێوەیەكی ڕەسمیو هەڵبژێرداراوی پەرلەمانێك سەرۆكایەتیەكەی ڕاگەیاندراوە، مرۆڤ ئەتوانێ بڵێت كاریگەریو گرنگی ئەم سەردەمەی هەزارەی سێهەمی ئەم سەرۆكایەتیەی هەرێمی كوردستان لەسەرۆكایەتیەكەی نەمر قازی محمد كاریگەر ترە.

بەڕێز سەرۆك مەسعود بارزانی بەڕێزتان ئێستا بەڕەسمی سەرۆكی هەرێمی كوردستانن لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە هەڵبژێردراونو لەبەردەم پەرلەماندا سوێندی یاسایتان خوێندەوە هەتاكو ئێرە من هیچ باسێكی تری بۆ زیاد ناكەم، لەگەڵ ئەوەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری باشوری كوردستان كەبەڕێزتان سەرۆكی لایەنێكی بوونو پڕوپاگەندە بۆ دیموكراتیزەكردنی كوردستانو بەمەدەنی كردنی داموو دەزگاخزمەتگوزاریەكانو بەگەڕخستنیان لەخزمەت كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان دەكەن، هەرچەندە بەڕێزتان بەشێوەیەكی یاسایی لەلایەن خەڵكی كوردستانەوە هەڵنەبژێردران نەزانرا كەئایە خەڵكی كوردستان بە ڕێژەی زۆرینە دەنگ بۆ بەڕێزتان ئەدەن یاخود بەپێچەوانەوە هەرچەند لەئەنجامی ڕێكەوتنی نێوان یەكێتی نیشتیمانی كوردستانو پارتی دیموكراتی كوردستان دوو پۆستی گرنگ لەنێوان خۆتاندا دابەشكردو كەسی تر شایەنی ئەو پۆستانە نەبوو، لەگەڵ ئەوەی تەجروبەی هیچ وڵاتێكتان بەهەند وەرنەگرت (من بەبیرو تێڕوانینم بۆ مەسەلە نیشتیمانیو نەتەوەیەكان ئەڵێم پیرۆز بێت ئەو پۆستی سەرۆكایەتیەی هەرێمت شایستەیە) بەلاَم لەگەڵ ئەوەی پۆستەكەت گرنگە كارو فەرمانەكانیشت گرنگە كەبتوانی بیانخەیتە واری جێبەجێ كردنەوە تاكو ببیتە جێگەی متمانەی خەڵكی كوردستان، بەڕێزم وەك هەرتاكێكی كورد چەندین بۆچوونو پرسیار لەلام دروست بووە كەئایە بەڕێز سەرۆكی هەرێم ئەتوانێ ئەو كارو فەرمانانەی سەرشانی بۆ كوردو خەڵكی كوردستان جێبەجێ بكات یاخود ئەتوانی لەئایندەچی بۆ كوردستان بكات.

سەرۆك! ناسنامەی كورد لەكوردستاندا ونە، كوردستانیەكان خنكێنراون لەنێو ئەو ئەستێڵەی كەدوژمنانی كوردستان بۆ خەڵكەكەی لەنێو كوردستانو دەرەوەی كوردستان هەڵیان كەندوە، كوردستانیەكان لەعێراقی پاش سەدام زیاتر ون دەبن لەڕێگەی نەشەڕو نەئاشتیو نەدوژمنو نەدۆست، سەرۆكی بەڕێز لەكوردستان تەنها كورد ناژین چەندین كەمەنەتەوە هاوشانی كورد ئەژین سەرەڕایی ئەوەی نەتوانراوە لەكورد نزیك بكرێنەوە لەڕووی بیرو هۆشی كوردستانی بونیان بەپێچەوانەوە بەئاشكرا بەپیلانی دوژمنانی كورد دوژمنایەتی كوردو سەربەخۆی كوردستان ئەكەن تاكو ئێستاش بەبێ چارەسەر ماوەتەوە.

کوردستان یەك خاکە کوردیش یەك نەتەوەیە بەڵام لەئەنجامی سیاسەتی چەوت لەسایەی کاری کادری نەزان تاکو ئەمڕۆ نەتوانراوە سەرنجی کوردی بەشەکانی تری کوردستان بەچاوی هیواوە ڕابکێشرێ بۆ باشوری کوردستان، لەئەنجامی حیزبایەتی تەسك لەئەنجامی کاری کادری نادروست کورد بەگشتی ناڕوانێتە بەڕێزتان وەك سەرۆکی ئایندەی کوردستانی مەزن، ئەم تێڕوانینە گوماناویەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان ئەبێتەهۆی بەرتەسك بوونەوەی تواناو متمانەی خەڵکی کوردستان بەسەرۆکەکەی ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی ئەبێت بۆ ڕۆژگارێك ئەگەر هەڵبژاردنێکی پاكو ئازادانە لەکوردستاندا بکرێت.

تێڕوانین بۆ دۆزی کورد و هەڵسەنگاندی تاکی کورد بەشێوەیەکی نێگەتیڤانە لەلایەن سەرۆکی عێراقو چارەسەر نەکردنی کێشەکانو باوەڕ کردن بەدرۆکانی سەرۆك وەزیرانی عێراقو بێدەنگ بوونی پەڕلەمانی عێراق لەمەسەلە چارەنووس سازەکان هەروەها بێدەنگ بوونی بەڕێزیشتان هێندەی تر گومان لای خەڵکی کوردستان دروست ئەکات کە ئەبێتە هۆی دروست کردنی نێوانێك لە نێوان سەرۆكو هاوڵاتیان، کپ بوونەوەی دەنگی گەڕانەوەی شارو ناوچە بەعەرەب کراوەکان بۆ سەر خاکی کوردستانو چاوەڕوان کردن بۆڕەحمو سۆزی عەرەبو ئیسلامو شیعەی عێراقی بۆ دەستبەرداربوونیان هێندەی تر بەڕێزتان دوور ئەخاتەوە لەمتمانەی خەڵکی کوردستان بۆ سەرۆکەکەی.

ناتەبایيو نەگونجاندنی هێزە سیاسیەکانی کوردستانو نەبوونی یەك هەڵوێستيو لەیەکتر نزیك نەبوونەوە یان یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی کوردستانو هەڵنەبژاردنی کەسی گونجاو بۆ جێگای گونجاو لاوازی سەرۆکی هەرێم دەرئەخات کەلەئاست لێپرسراویدا نیە، خۆڵ کردنەچاوی خەڵکيو هەڵخەڵەتاندنیان بەسیاسەتی تەبايیو یەك ڕیزيو یەك هەڵوێستی تاسەر بۆ هیچ لایەك سەر ناگرێ ئەبێتە هۆی دەرخستنی هەموو نهێنیەکانی ژێر بەڕەی سیاسەتی چەواشە.

بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ماوەی سەرۆکایەتی بەڕێزتان تاقیکردنەوەیەکە لەبەردەم مێژووی کوردستاندا بۆ نووسینەوەی لە لاپەڕەکانی مێژووی کوردستاندا ناوی ئێوە تۆمار ئەکات هەروەها ڕێگەیەکی هەورازو نشێوە کەتەختایی کەم تێدابەدی ئەکرێ ئێوەی سەرۆکی هەرێم کەشکۆڵی خەمێکی زۆری خەڵکی کوردستانتان داوەبەکۆڵداو ئەتانەوێ تاکو سەرکەوتن بۆ داگرتنی خۆری ئازادی یەکجارەکی کوردستان لەنەوەستاندابن هەروەها باش ئەزانن کەتەنها پارتی دیموکراتی کوردستان لەساحەکەدا بەتەنها نیە کە بمانەوێو نەمانەوێ چارەنووسی میللەتی کوردی پێوەبەند بێت، کوردستان فرە حیزبو فرە ئایدۆلۆژیایە پێویستە بەڕێزگرتنی بەرامبەر، بەناساندنی ئازادی، بەپەیڕەوکردنی دیموکراتی، بەچوونەناو خەڵكو پرسیار لەگیروگرفتەکانیان، بەپەیڕەو کردنی یەکسانی، بەپەیداکردنی نانو کار، بەلێپرسینەوەی گەندەڵیەکان ئەتوانن سەرنجی خەڵك بۆ خۆتان ڕابکێشن، بەمساوەمەنەکردن لەسەرمافەنەتەوەيو ئیداریەکانی خەڵکی کوردستان جێگەی شیاوی خۆتان وەك سەرۆکی وڵاتێك دەکەنەوە، پێویستە بەتێڕوانینتان بۆ کێشەی کوردستانی مەزن دەنگی کوردستانیانی کوردستانی مەزن بۆ خۆتان مسۆگەر بکەن.

بەڕێز سەرۆکی هەرێم ئەگەر وەك سەرۆك کۆمارێك لەپێناو خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان نەبێت، ئەگەر نەتوانێ تێکۆشانو قوربانی خەڵکی کوردستان بگەیەنێ بەگوێی

گێتی‌دا، ئەگەر هەڵبجەو ئەنفال نەکەن بەسومبوڵی خۆڕاگری نەتەوەی بۆ گەلی کورد، ئەگەر ناوچە بەزۆر داگیرکراوو دابڕاوەکان لەخاکی پیرۆز نەگەڕێتەوەو پاکنەکرێتەوە لەو گڵاوییەی کەدوژمنان کردویانە بەنسیبی، ئەگەر ئەو سوکایەتیەی بەکوردو کەرکوکیەکان ئەکرێت بەشێوەیەکی ڕەسمی ئیدانە نەکرێو لەڕووی ئیداری‌و ئابوریەوە پشتگیریان نەکرێ، ئەگەر بەیەك چاو سەیری هەموو شەهیدانی کوردستان نەکرێ، ئەگەر هەموو پێشمەرگەی کوردستان بەتێکۆشەرو پارێزەری خاکی کوردستان نەناسرێ، ئەگەر سەردانی هەموو شارو شارۆچکەکانی باشوری کوردستان بەبێجیاوازی نەکرێ، چەندەها ئەگەری تریش. . . . . . هتد، ئایە دەتوانی چی بۆکوردستان بکەی